# سەرمایە و سەرمایەداری



ئێرنست مەندڵ

وەرگێڕانی: ئایدیا

## 1

## سەرمایە لە کۆمەڵگە پێش سەرمایەدارییەکاندا

لەنێوان کۆمەڵگەی سەرەتایی و کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا، کە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان تەنها پشتیان بە ئابوورییەکی سروشتی دەبەست، و بەهای بەکارهێنانیش تا ئەو رادەیە تێیدا بەرهەمدەهات کە بەشی بەکاربردن و مەسرەفکردنی خودی بەرهەمهێنەکان بکات، لەنێوان ئەو دوو کۆمەڵگەیەدا ماوەیەکی دوورودرێژ لە مێژووی مرۆڤایەتی هەیە، کە لە راستیدا گشت شارستانێتییە مرۆڤایەتییەکانی تێدا بووە و بە دەرکەوتنی قۆناغی سەرمایەدارییش رۆشنایی ئەو شارستانێتییانە کوژاونەتەوە. لە تیۆری مارکسیستییدا ئەو قۆناغە بە کۆمەڵگەی بەرهەمهێنانی وردەکاڵایی (small-scale commodity production) ناودەبرێت. بەڵێ راستە ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانەش ئاشنا بوون بە بەرهەمهێنانی کاڵا، واتە بەرهەمهێنانی کاڵا لەپێناو ئاڵوگۆڕ لە بازاڕدا، نەک تەنها لەپێناو بەکاربردنی راستەوخۆدا، بەڵام ئەم بەرهەمهێنانە بازرگانییە بەو شێوەیە نەگشتێنرابوو کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا هەیە.

هەر کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی وردەکاڵایی دامەزرابێت، دوو جۆر پرۆسێسی ئابووری لەخۆدەگرێت. جوتیاران و پیشەکاران بە خۆیان و بەرهەمی کاری خۆیانەوە روو دەکەنە بازاڕەکان، هەتاوەکو ئەو کاڵایانە بفرۆشن کە ناتوانن سوود لە بەکارهێنانی راستەوخۆی بەهاکەی وەربگرن، بۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە پارەیەک بەدەستبهێنن، واتە ئامرازێک بەدەستبهێنن هەتاوەکو لە رێگەیەوە کاڵای دیکەیان دەستبکەوێت [کاڵای دیکە بەو پارەیە بکڕن]، بەتایبەت ئەو کاڵایانەی کە نییانە و پێویستیان بەوەیە دەستیان بە بەهای بەکارهێنانەکەی بگات، یان ئەو کاڵایانەی کە بۆ ئەوان بەهای بەکارهێنانەکەی لە بەهای بەکارهێنانی ئەو کاڵایانەی خۆیان زیاترە کە هەیانە.

بۆ نموونە جوتیارێک بە خۆی و بەرهەمی گەنمەکەیەوە روودەکاتە بازاڕ، گەنمەکەی لە بەرامبەر برێک پارەدا دەفرۆشێت و بەو پارەیە بۆ نموونە پارچەیەک جل دەکڕێت. لەولاوە پیشەوەرێکیش بە خۆی ئەو پارچە جلەی دروستیکردووە روودەکاتە بازاڕ و لە بەرامبەر برێک پارەدا ئەو پارچە جلە دەفرۆشێت، بەم پارەیەش برێک گەنم دەکڕێت بۆ نموونە. پرۆسەکە بەم جۆرەیە: فرۆشتن لەپێناو کڕیندا، (کاڵا- پارە- کاڵا). هاوکێشەی (کاڵا- پارە- کاڵا) شووناسێکی بنەڕەتیی تێدایە: بەهای دوو ئاستی پەرگیری ئەم هاوکێشەیە، بە حکومی پێناسەکەشی تەواو هاوتا و یەکسانن.

لە بەرهەمهێنانی وردەکاڵاییدا، شانبەشانی جوتیار و پیشەوەرە بچووکەکان، کەسێکی دیکەش هەیە کە کردەیەکی ئابووریی جیاواز بەئەنجام دەگەیەنێت. دەکڕێت لەپێناو ئەوەی بفرۆشێت، لەبری ئەوەی بفرۆشێت لەپێناو ئەوەی بکڕێت. کەسێکە بەناو بازاڕدا دەگەڕێت بەبێ ئەوەی هیچ کاڵا و شمەکێکی پێبێت، ئەو تەنها پارەی پێیە. پارەش ناتوانرێت بفرۆشرێت، بەڵام دەتوانرێت لە کڕیندا بەکاربهێندرێت، کە هەر ئەمەش ئیشی ئەو کەسەیە: دەست بۆ کڕین دەبات لەپێناو فرۆشتندا، هەتاوەکو سەرلەنوێ جارێکی دیکە کاڵاکە بفرۆشێتەوە: (پارە- کاڵا- پارە). جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان پرۆسەی یەکەم و دووەمدا هەیە. پرۆسەی دووەم هیچ مانایەکی نییە ئەگەر ئێمە لە کۆتایی پرۆسەکەدا لەبەردەم هەمان بەهای سەرەتای پرۆسەکەدا بین. هیچ مرۆڤێکی نییە بێت کاڵایەک بکڕێت هەتاوەکو بە هەمان ئەو نرخەی کڕیویەتی بیفرۆشێتەوە. ئەو پرۆسەی کڕینەی باسی دەکەین بە مەبەستی فرۆشتنەوەیە، هیچ بەهایەکیش بۆ ئەم فرۆشتنە نییە ئەگەر نەبێتە مایەی زیادبوونی بەهاکەی، واتە ببێتە مایەی




بەرهەمهێنانی زیادەبەها. لەبەرئەمە لێرەدا دەڵێین کە پارە (پ) گەورەترە لە پارە (پ) و پێکهاتووە لە (پ+ پـ)، بەوپێیەی (پـ) بریتییە لە زیادەبەها، واتە ئەو بڕەی کە زیاترە لە بەهای (پ).

ئێستاش دەتوانین سەرمایە وەها پێناسە بکەین کە بریتییە لەو بەهایەی بەهۆی زیادەبەهاوە زیاددەبێت، جا ئەگەر ئەم زیادبوونە لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی کاڵاکانەوە بێت، وەک لە نموونەی جلوبەرگ و گەنمەکەدا بینیمان، یاخود لە ڕێگەی بەرهەمهێنانەوە بێت، وەک ئەوەی لە سیستەمی سەرمایەدارییدا هەیە.

کەواتە سەرمایە هەموو بەهایەک دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی زیادەبەهاوە زیاد بکات. سەرمایەیەکی لەم شێوەیە تەنها لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا کورت نابێتەوە، بەڵکو تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەشدا هەیە کە لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی وردەکاڵایی دروستبوون. بەم شێوەیەش پێویستە بە شێوەیەکی ڕوون و دیار جیاوازیی بکەین لەنێوان بوونی سەرمایە و بوونی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدا، لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا. سەرمایە دەمێکە هەیە و مەزەندەی ئەوە دەکرێت تەمەنی بگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سێ هەزار ساڵ، لەکاتێکدا تەمەنی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری 200 ساڵ تێناپەڕێنێت. کەواتە فۆرم و شێوەی سەرمایە لە کۆمەڵگەی پێش سەرمایەدارییدا چۆن بووە؟ لە بنەڕەتدا سەرمایەی سووخۆری (usury capital) و سەرمایەی بازرگانی (merchant or commercial) هەبووە. هەنگاونان و وەرچەرخان لە کۆمەڵگەی پێش سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری بریتییە لە هاتنەناوەوەی سەرمایە بۆ ناو کایەی بەرهەمهێنان. مۆدێلی



**تایبەتمەندیی سێیەمی سەرمایەداری: دەرکەوتنی چینێکی کۆمەڵایەتی کە هیچ ئامرازێکی نییە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، جگە لە فرۆشتنی هێزی کاری خۆی، چونکە خاوەنی هیچ سامانێك نییە جگە لە دەست و بازووی خۆی**

بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، یەکەم مۆدێلی بەرهەمهێنان و یەکەم فۆرمی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە، کە ڕۆڵی سەرمایە تێیدا تەنها لە نێوەندگیر و چەوساندنەوە و ئیستغلالکردنی فۆرمە ناسەرمایەدارییەکانی بەرهەمهێناندا کورت نابێتەوە، ئەو فۆرمانەی کە هێشتا لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی وردەکاڵایی بەردەوامن، بەڵکو تێیدا سەرمایە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە و ڕاستەوخۆش پەل دەهاوێت بۆ ناو بەرهەمهێنان.

## 2

## ڕەگوڕیشەکانی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری

ڕەگوڕیشەکانی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کامانەن؟ ڕەگوڕیشەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، ئەو کۆمەڵگەیەی زیاتر لە دوو سەدەیە سەریهەڵداوە دەگەڕێتەوە بۆ کوێ؟ پێش هەر شتێک سەرەتای ئەم کۆمەڵگەیە بریتییە لە جیابوونەوە و لێکدابڕانی نێوان بەرهەمهێنەران و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. پاشان کۆبوونەوەی ئەم ئامرازانەی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی قۆرخکارانە لە دەستی تاکە یەک چینی کۆمەڵایەتییدا، ئەویش چینی بۆرژوازییە. دواجار ئەمەش دەرکەوتنی چینێکی کۆمەڵایەتیی دیکەی لێ دەکەوێتەوە، کە هیچ دەرامەتێکی نییە پێی بژی، پاش ئەوەی لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بێبەش دەبێت، جگە لە توانا و هێزی کارکردنی خۆی، واتا فرۆشتنی ئەم هێزە بەو چینەی کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی بۆخۆی قۆرخکردووە.

با ئێستا هەریەک لەم ڕەگوڕیشانەی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری شیبکەینەوە، کە لە هەمان کاتدا تایبەتمەندیی بنەڕەتیی خودی سیستەمی سەرمایەدارییین.

یەکەمین ئەم تایبەتمەندییانەش: دابڕانی بەرهەمهێن لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی خۆی. ئەمە مەرجی سەرەکیی بوونی سیستەمی سەرمایەدارییە. ئەمە کەمترین تایبەتمەندیی ڕوون و ئاشکرایە لە زەیندا. با نموونەیەک وەربگرین کە جۆرە لێکدژییەکی تێدایە: کۆمەڵگەی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست، کە بە «سێرفەکان » ناودەبرێت.

ئێمە دەزانین کە تەواوی جوتیارە بەرهەمهێنەرەکان لەم کۆمەڵگەیەدا وەک سێرفێک پەیوەست بوون بە زەوییەوە. بەڵام کاتێک دەگوترێت سێرف پەیوەستە بە زەوییەوە، لەناو خۆیدا ئەو مانایەش دەبەخشێت کە پارچە زەوییەک پەیوەستە بە سێرفەکەوە، ئێمە لەبەردەم چینێکی کۆمەڵایەتییداین کە بە شێوەیەکی بەردەوام پشت بە

ڕێسایەک دەبەستێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، لەبەرئەوەی سێرف مامەڵەی بە ڕووبەرێک زەوییەوە دەکرد کە بەس بوو بۆ ئەوەی بە کارکردنی بازووی خۆی، ئەگەرچی بە ئامرازی سەرەتاییش بوون، پێداویستییەکانی خێزانەکەی پڕبکاتەوە. کەواتە کاتێک ئێمە باس لە سێرفەکان دەکەین، باس لە کەسانێک ناکەین کە ئەگەر هێزی کاری خۆیان نەفرۆشن لە برسا بمرن. لە کۆمەڵگەیەکی لەم شێوەیەدا هیچ ناچارکردنێکی ئابووری لەسەر کەسی کارکەر نییە هەتاوەکو مەچەک و بازووی خۆی بەکرێ بدات و هێزی کاری خۆی بە سەرمایەدار بفرۆشێت. بە دەربڕینێکی دیکە: لە کۆمەڵگەیەکی لەم شێوەیەدا سیستەمی سەرمایەداری گەشە ناکات. جێبەجێکردنێکی مۆدێرنی ئەم حەقیقەتە گشتییەش هەیە، ئەویش ئەو شێوازەیە کە کۆڵۆنیالیستەکان بەکاریاندەهێنا بۆ هەناردەکردنی سەرمایەداری بۆ ئەفریقیا لە سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا. بارودۆخی بژێوی دانیشتوانی زۆربەی وڵاتە ئەفریقییەکان چۆن بوو؟ ئەوان سەرقاڵی بەخێوکردنی ئاژەڵ و چاندنی زەوی بوون، جا کشتوکاڵێکی سەرەتایی بێت یان ناسەرەتایی بە گوێرەی بارودۆخی ناوچەکە، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا زیادەیەکی ڕێژەیی ڕووبەری زەوی هەبوو. لە ئەفریقیا هیچ دەگمەنییەک لە زەوییدا نەبوو، بەپێچەوانەوە دانیشتوان بە بوونی زیادە و یەدەگێکی زۆرەوە مامەڵەیان بە پارچە زەوییەکانەوە دەکرد. بێگومان چنگخستنی ئەم زەوییانە و چنینەوەی بەرهەم لێیان بە ئامرازە کشتوکاڵییە هەرە سەرەتاییەکان گەلێک لاواز بوو، ئاستی بژێوی گەلێک نزم بوو، بەڵام هیچ ناچارکردنێکی مادیی نەبوو کە ئەم دانیشتووانانە ناچار بکات هەنگاو بنێن بۆ کارکردن لە کانەکان و کێڵگەکان و کارگەی کۆڵۆنیالیستە سپیپێستەکان. بە دەربڕینێکی دیکە: ئەگەر سیستەمی موڵک و ماڵ و عەقارات لە ئەفریقیای کەمەرەیی و ئەفریقیای ڕەش نەگۆڕایە، ئەوا ئەگەری چوونی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هەبوو بۆ ئەو ناوچانە. هێنانەوەوەی مۆدێلێکی بەرهەمهێنانی لەم شێوەیە، پێویستی بە دوورخستنەوە کۆمەڵانی خەڵکی ڕەشپێست بوو لە ئامرازە ئاساییەکانی بەدەستهێنانی بژێوییان، ئەم دوورخستنەوەیەش بە شێوەیەکی ڕیشەیی و بە ئامرازە نائابوورییە زۆرەملێکان بوو. واتە پێویست بوو بەشێکی گەورەی زەوییەکان لە شەو و ڕۆژێکدا بکرێنە زەویی موڵکی دەوڵەتی کۆڵۆنیالیست، یاخود بیانکەنە خاوەندارێتیی تایبەتی کۆمپانیا سەرمایەدارییەکان. پێویستبوو دانیشتوانی ڕەشپێست لەناو زەوییەکاندا جێگیر بکرێن، لەناو ئەو عەمبار و شوێنی یەدەگانەی -بەم جۆرە ناشایستەیە ناودەبران- کە بە ڕادەی پێویست نەبوو بۆ تێرکردنی دانیشتوانەکەی. هەروەها پێویست بوو باج بەسەر سەرمایەدا بسەپێنن، باجێک کە دەبوو هەموو تاکێکی دانیشتوان بە پارەی نەختینەیی بیدەن، وێڕای ئەوەی کشتوکاڵی سەرەتایی لەو ئاستەدا نەبوو داهاتی نەختینەیی هەبێت.

لە ڕێگەی دروستکردنی ئەم فشارانەوە بە ئامرازە نائابوورییەکان، کۆڵۆنیالیستەکان پێویستیان بە ئەفریقییەکان بوو تا وەک کرێگرتە کاریان بۆ بکەن، تەنانەت ئەگەر بۆ دوو مانگ یان سێ مانگیش بێت لە ساڵێکدا، تا لە بەرامبەر ئەم کارەدا ئەفریقییەکان بڕێک پارە وەربگرن و بەم پارەیەش باجەکەی پێ بدەن و دەست بۆ کڕینی ئەو بابەتانە بەرن کە کورتهێنانی خۆراکی پێ پڕدەکەنەوە، کە بەبێ کڕینی ئەم خۆراکانە نەیاندەتوانی درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، چونکە ئەو زەوییانەی لەژێر دەسەڵاتیاندا مابوونەوە بەس نەبوون.

دەقاودەق لە ئەفریقیای باشوور و ڕۆدیسیا ئەم ڕێگەیە پەیڕەوکرا، بە هەمان شێوە لە کۆنگۆی بەلجیکیی پێشوو، بە جۆرێک کە لەسەر

فراوانترین ئاست مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هێنرایە ناوەوە، بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی ڕەشپێست لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکەندران و دەرکران و فڕێدرانە دەرەوە بۆ ناو مۆدێلی کارکردن و ژیانی تەقلیدی.

با بە شێوەیەکی خێرا ئاماژە بەو دووڕووییە ئایدیۆلۆژییە بدەین کە پەیوەستە بەم بزاڤە و سکاڵای کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان و پیاوانی کاری سپیپێست، کە دەڵێن ڕەشپێستەکان تەمبەڵن، چونکە نایانەوێت کاریان لەلا بکەن، لەکاتێکدا هەلێکی باشیان دەکەوێتە بەردەست و 10 هێندەی کارکردنی تەقلیدی لە زەوییەکاندا سوودمەند دەبن. گوێمان لێدەبێت کە ئەم سکاڵایانە بە شێوەیەکی بەردەوام دووبارە دەبنەوە- بەتایبەت سەبارەت بە کرێکارانی هیندی و چینی و عەرەبەکان پێش 50 یاخود 60 ساڵ. هەروەک چۆن گوێمان لە هەمان شت بووە -ئەمەش سەلمێنەری بوونی یەکسانییەکی جەوهەرییە لەنێو گشت ڕەگەزە مرۆییەکاندا- لە کرێکارە ئەورووپییەکان (فەڕەنسی و بەلجیکییەکان، ئینگلیز و ئەڵمانەکان) لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا. پرسەکە بریتی نییە لەم حەقیقەتە: هیچ مرۆڤێک نییە، لە بارودۆخێکی ئاساییدا، بە حوکمی بونیاد و هەڵکەوتە سروشتی دەمارییەکانییەوە، حەز بەوە بکات ڕۆژانە بۆ ماوەی هەشت، نۆ، دە یان دوانزە سەعات لەناو کارگە و مانیفاکتۆر و کانەکاندا حەپس بکرێت. دۆزینەوەی کەسێک کە بەم جۆرە کارە گرانە ڕانەهاتبێت و ناچارکردنی بۆ ئەنجامدانی، پێویستی بە هێز و فشارێکی زۆر و نائاسایی هەیە.

دووەمیین تایبەتمەندیی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری: بریتییە لە چڕبوونەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە فۆڕمی قۆرخکارییدا لەناو دەستی یەک چینی کۆمەڵایەتییدا، ئەویش چینی بۆرژوازییە. چڕبوونەوەیەکی لەم شێوەیە بە شێوەیەکی کردارەکی دروست نەدەبوو ئەگەر شۆڕشێکی بەردەوام ڕووینەدایە لە ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا، ئەگەر ئەم ئامرازانە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر نەبوونایە و بەردەوامیش ڕوویان لە بەرزبوونەوە نەکردایە، لانی کەم تا ئەو جێگەیەی پەیوەستە بە بوونی ئاستی هەرە نزمی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە بۆ دەستپێکردنی پرۆژەیەکی گەورە (خەرجییەکانی دامەزراندنی یەکەمین جاری پرۆژەکە).

لەناو دەستە و تاقمە پیشەوەرەکان و پیشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا سەقامگیرییەکی گەورە هەبوو لە ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا. تەونی ڕستن و چنین لە باوکەوە دەگوازرایەوە بۆ کوڕ، لە نەوەیەکەوە دەگوازرایەوە بۆ نەوەیەکی تر. بەهای ئەم تەونی ڕستن و چنینانە تارادەیەک نزم بوون، بە جۆرێک کە هەموو کرێکارێک دەیتوانی بیر لەوە بکاتەوە کە دوای کارکردنی دەیان ساڵی خۆی پارەی دەستخستنی ئەو تەونەی دەستبکەوێت. ئەگەر و شیمانەی دروستبوونی مۆنۆپۆل لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە دەرکەوت، کە بووە مایەی جولاندنی گەشەیەکی ئاڵۆز و بەردەوام و نەبچڕاوە لە بەئامێرکردندا، ئەمەش واتە فەراهەمکردنی سەرمایەی زیاتر و زیاتر بۆ دەستپێکردن بە پرۆژەیەکی نوێ.

لەو دەمەوە دەتوانین بڵێین کە گەیشتن بە خاوەندارێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، شتێکی ئەستەمە بۆ زۆرینەی زۆری کەسانی کرێگرتە و بەکارهێنەران، ئیدی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە دەستی چینێکی کۆمەڵایەتییدا قۆرخ کرابوو، ئەو چینەی کە سەرمایەی دابیندەکرد بۆ بەرهەمهێنان، یەدەگ و ژێرخانی سەرمایەی بۆ دابیندەکرد، کە بەو جۆرەش تەنها لەبەرئەوەی خاوەنی سەرمایە بوو دەیتوانی سەرمایەی دیکە کەڵەکە بکات. بەڵام ئەو چینەی کە خاوەنی هیچ سەرمایەیەک نییە، بە حوکمی پێگە و بارودۆخەکەی ناچارە بەردەوام لە یەک دۆخدا بمێنێتەوە،



*Abraham Léon* — *Ernest Mandel*

دۆخێکی پڕ لە هەژاری و کارکردنی ناچاری بۆ کەسێکی دیکە.

تایبەتمەندیی سێیەمی سەرمایەداری: دەرکەوتنی چینێکی کۆمەڵایەتی کە هیچ ئامرازێکی نییە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، جگە لە فرۆشتنی هێزی کاری خۆی، چونکە خاوەنی هیچ سامانێک نییە جگە لە دەست و بازووی خۆی، لە هەمان کاتدا ئازادیشە لە فرۆشتنی هێزی [کار] ی خۆیدا، هەربۆیە دەیفرۆشێت بە سەرمایەدارانی خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. ئەمەش دەرکەوتنی چینی پرۆلیتاریای مۆدێرن تۆمار دەکات.

ئێمە لەبەردەم سێ ڕەگەزداین کە بەناویەکدا دەچن و بەریەک دەکەون. پرۆلیتاریا، کە بریتییە لە کارکەری ئازاد؛ لە یەک کاتدا هەنگاوێکە بەرەو پێشەوە و هەنگاوێکە بەرەو دواشەوە، بەراورد بە سێرفەکانی سەدەکانی ناوەڕاست هەنگاوێکە بەرەو پێشەوە، چونکە سێرف ئازاد نەبوو (خودی سێرفیش لای خۆیەوە هەنگاوێکی لەپێشتر بوو لەچاو کۆیلەدا)، کە نەیدەتوانی بە ئازادانە بێت و بچێت، هەنگاوێکیشە بەرەو دواوە لەبەرئەوەی مرۆڤی پرۆلیتاریا، جیاواز لە سێرف، ئازادە، بەڵام تەواو بێبەشە لەوەی دەستی بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بگات.

## 3

## ڕەگوریشە و پێناسەی پرۆلیتاریای مۆدێرن

پێویستە لەناو ڕەچەڵەکی ڕاستەوخۆی پرۆلیتاریای مۆدێرندا، ئاماژە بە دانیشتوانی بێ لانە و ماڵ بکەین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە ئەمانە هیچ پەیوەستییان بە خاک و

زەوییەوە نەبوو، لەناو هیچ پیشە و ئەرک و بنەماڵەیەکی پیشەکارییشدا ڕێکنەخرابوون لەناو ناوەندە بچووکەکانی دانیشتواندا، بەمەش ببوونە دانیشتوانێکی هەڵکەندراو و بێ ڕەگو ڕیشە، وردە وردە پەنایان بردە بەر بەکرێدانی هێز و توانای خۆیان بە شێوەیەکی ڕۆژانە، تەنانەت بە شێوەی سەعاتیش. لە ژمارەیەکی بەرچاوی شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەتایبەت لە «فلۆرەنسا و ڤینیسیا و برۆجیس»، وردەوردە لە سەرەتاکانی سەدەی هەشت و نۆ و تەنانەت سەدەی دەیەمیشدا «بازاڕی کار [مەیدانی کرێکاران]» پەیدابوو، بەو واتایەی خەڵکانی هەژار کە لە هیچ پیشەیەکدا شارەزا نەبوون و لە بەردەستی هیچ وەستایەکی پیشەوەردا کاریان نەدەکرد، واتە هیچ سەرچاوە و دەرامەتێکی دابینکردنی بژێوییان نەبوو، هەموو بەیانییەک لە گۆشەیەکی شارەکەدا کۆدەبوونەوە و چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد هەندێک لە بازرگان بزنسمانەکان تواناکانیان بۆ چەند سەعاتێک یان بۆ نیو ڕۆژ یان بۆ ڕۆژێکی تەواو بەکرێبگرن.

ڕیشە و ڕەچەڵەکی دووەمی پرۆلیتاریای مۆدێرن، زیاتر لە ئێمەوە نزیکە، کە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوەشانەوەی دەربارەکانی فیودالیزم، واتە داڕمانێکی لەسەرخۆ و درێژمەودای چینی خانەدانی فیودال، کە لە سەدەی سیانزە و چواردەوە دەستپێدەکات و لەگەڵ شۆڕشی بۆرژوازی لە فەڕەنسا، واتە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا، کۆتایی دێت. لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەندێک جار نزیکەی 50 یان 60 یاخود زیاتر لە 100 خێزان ڕاستەوخۆ لەسەر حسابی دەرەبەگێک دەژیان. ئیدی وردەوردە ژمارەی ئەندامانی ئەم خزمەتکارانە ڕووی لە کەمبوونەوە دەکرد، بەتایبەت لە میانەی سەدەی شانزەدا، کە ئەو ماوەیە بە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی نرخەکان دەناسرایەوە، کە ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ هەژارییەکی گەورەی ئەو چینە کۆمەڵایەتییانەی خاوەن داهاتێکی نەگۆڕ و دیاریکراو بوون، بە چینی خانەدانە دەرەبەگەکانی ئەورووپای خۆرئاواشەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی سەرمایەی عەینییان دەگۆڕی بە سەرمایەی نەختینەیی. ئاکامەکانی ئەم هەژارکەوتنەش بریتیبوو لە بەرەڵاکردن و دەربەدەرکردنی بەشێکی گەورە لە دەربارەی فیودالەکان. بەم شێوەیە هەزاران کەس لە خزمەتکارەکان، بە نموونە نووسەرانی دیوان و شاعیرە دەربارەکان، بوونە کەسانی لات و پوت و ڕێگر و بێپەروا.

ڕەگوڕیشەی سێیەمی پرۆلیتاریای مۆدێرن دەگەڕێتەوە بۆ دەرکردن و دەرپەڕاندنی بەشێک لە جوتیارە کۆنەکان لە زەوییەکانیان، ئەوەش لە ئەنجامی گۆڕینی زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ مێرگ و پاوەن. نووسەری یۆتۆپیستی ئینگلیزی (تۆماس مۆر)، هەر لە سەدەی شانزەوە ئەم دەستەواژەیەی نووسیوە: «مەڕەکان مرۆڤەکانیان خوارد»، واتە گۆڕینی کێلگەکان بۆ پاوەن بە مەبەستی بەخێوکردنی مەڕومالات، کە پەیوەستبوو بە پیشەسازیی خورییەوە، بووە مایەی دەرپەڕاندنی دەیان هەزار جوتیاری ئینگلیز لە زەوییەکانیان و مەحکوم کردنیان بە برسێتی.

ڕەگوڕیشەی چوارەمی پرۆلیتاریای مۆدێرن، ڕۆڵێکی کەمتر گرنگی هەبووە لە ئەورووپای خۆرئاوا، بەڵام لە ئەورووپای خۆرهەڵات و ناوەڕاست، لە ئاسیا و ئەمریکای لاتین و باکووری ئەفریقیا، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە: ئەویش تێکشکاندن و لەناوبردنی پیشەکارەکانی پێشووە لە ئەنجامی شەڕێکی کێبڕکێکارانە لەنێوان چینی پیشەکاران و پیشەسازیی مۆدێرندا، کە لە دەرەوە ڕێگەی بڕیوە و خۆی کردووە بە ناو ئەم وڵاتە دواکەوتووانەدا.

بە کورتییەکەی: مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئەو سیستەمەیە کە تێیدا ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەناو دەستی چینێکی کۆمەڵایەتییدا قۆرخ

کراون، لەوێدا بەرهەمهێنەران ئازادن، بەڵام بە بێبەشبوونیان لەم ئامڕازانەی بەرهەمهێنان، لە هەموو ئامڕازێکی ژیان و بەدەستهێنانی بژێوییان دوورخرابوونەوە، بەو شێوەیەش ناچارکراون بە فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان بە خاوەن ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان، هەتاوەکو بتوانن بەردەوام بن لە ژیان.

خاڵی جیاکەرەوەی پرۆلیتاریا لە بنەمادا بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی ئاستی کرێکەی نییە، بەڵکو بە دیوێکی دیکەدا دابڕان و بێبەشبوونیەتی لە ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان، یان بە مانایەکی دیکە داهاتێکی وەهای نییە کە بتوانێت تەنها بۆ خۆی کار بکات و پێویستی بەوە نەبێت بۆ کەسێکی دیکە کاربکات.

ئەگەر بمانەوێت بزانین ئایا هەلومەرج و بارودۆخی پرۆلیتاریا لەسەر ڕێگەی لەناوچوون و پوکانەوەیە، یاخود بە پێچەوانەوە بەرەو فراوانبوون دەڕوات، ئەوەی کە پێویستە لێی وردببینەوە بریتی نییە لە ناوەندە کرێی کرێکارێک یاخود ناوەندی موچەی کارمەندێک، بەڵکو دەبێت بەراوردێک بکەین لەنێوان ئەم کرێیە و ناوەندە تێکڕای بەکاربردن و خەرجییە پێویستەکانیدا، بە دەربڕینێکی دیکە گریمانەی گلدانەوە و بەراوردکردنی ئەو داهاتە لەگەڵ خەرجییەکانی سەرەتاکانی دامەزراندنی پڕۆژەیەکی سەربەخۆ.

ئەگەر بۆمان دەرکەوت کە هەموو کرێکارێک و هەموو کارمەندێک، دوای کارکردنی بۆ ماوەی دەیان ساڵ، دەتوانێت (10 یان 20 یاخود 30 ملیۆن) پاشەکەوت بکات، کە بتوانێت بەو بڕە کۆگایەک یان وەرشەیەکەی بچووک بکڕێت، ئەوکات دەتوانین بڵێین کە مەرجەکانی بەپرۆلیتاریبوون لە سەروبەندی پاشەکشەدان و ئێمە چیتر لە کۆمەڵگەیەکدا دەژیین کە بەو ئاڕاستەیەدا دەڕوات خاوەندارێتیی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان بەرەو بڵاوبوونەوە و گشتاندن دەڕۆن.

بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە بۆمان دەرکەوت کە زۆرینەی زۆری کارکەران و کرێکاران و کارمەندان و فەرمانبەران، دوای دەیان ساڵ لە کاری قورس و تاقەتپڕوکێنیش هەر لە هەمان دۆخی پێشووی خۆیاندا دەمێننەوە، واتە لە ڕووی کردارەکییەوە هیچ داهات و سەرمایەیەکی وەهایان نییە کە بتوانن ئامڕازی بەرهەمهێنانی پێ بکڕن، ئەو کات دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە هەلومەرج و بارودۆخی پرۆلیتاریا و بەپرۆلیتاریکردن بڵاوبۆتەوە و تەشەنەی کردووە لەبریی ئەوەی کەم ببێتەوە. دەتوانین ئەو ئەنجامەش هەڵێنجین کە ئەم باردودۆخە لەمڕۆدا لە 50 ساڵ پێش ئێستا فراوانتر و بڵاوترە. بۆ نموونە ئەگەر بگەڕێینەوە



**ڕەگوڕیشەی سێیەمی پرۆلیتاریای مۆدێرن دەگەڕێتەوە بۆ دەرکردن و دەرپەڕاندنی بەشێك لە جوتیارە کۆنەکان لە زەوییەکانیان، ئەوەش لە ئەنجامی گۆڕینی زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ مێرگ و پاوەن**

بۆ ئامارەکانی پەیوەست بە ژێرخانی کۆمەڵایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی سەدیی دانیشتوانی کرێکاری ئەمریکی کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کاردەکەن [نەوەک بۆ بەرژەوەندیی کەسێکی خاوەن ئامڕازی بەرهەمهێنان]، وەک خاوەن کار و یاریدەدەری خاوەن کار، لە ماوەی 60 ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەردەوام هەر پێنج ساڵ جارێک نزمبوونەوەیەکی زیاتری بە خۆیەوە بینیوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا و بە شێوەیەکی ڕێکخراو هەموو پێنج ساڵ جارێک، ڕێژەی سەدیی ئەو دانیشتوانانە بەرز بۆتەوە کە ناچارن بە فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان.

ئەگەر لە لایەکی دیکەوە لە ئامارەکانی پەیوەست بە دابەشکردنی سامانی تایبەتەوە وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرینەی زۆری کرێکاران، تا ڕێژەی (95%)، هەروەها زۆرینەی زۆری کارمەندان، بە ڕێژەی (80-85%)، ناتوانن بگەن بە پێکەوەنانی تەنانەت سامانێکی بچووک یان سەرمایەیەکی کەمیش، چونکە ئەوان هەموو داهاتی خۆیان خەرج دەکەن، لەبەرئەوەی لە واقیعدا سامان لەناو دەستی کەمینەیەکی زۆر کەمی کۆمەڵگەدا گیر بووە. لە زۆربەی وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا، ڕێژەی (1%، 2%، 2.5%، 3.5%، 5%)ی دانیشتوان ڕێژەی (40%، 50%، 60%)ی سامانی وڵاتەکەیان لەژێر دەستدایە، ئەو سامانەش کە دەمێنێتەوە لەناو دەستی (20-25%)ی دانیشتواندایە. توێژی یەکەمی ئەم خاوەن سامانانە بۆرژوازیی گەورەن، توێژی دووەمیش بۆرژوازیی مامناوەند و وردەبۆرژوازیین. ئەوانەش کە لە دەرەوەی ئەم چەند توێژەدان، بە شێوەیەکی کردارەکی خاوەنی هیچ نیین جگە لە کاڵا بەکاربەرییەکان (هەندێک جار بە شوێنی نیشتەجێبوونیشەوە).

ئامارەکانی پەیوەست بە ئەرکەکانی خاوەندارێتی و باجی میرات، دەلالەتێکی گەورەیان هەیە لەم بوارەدا، ئەگەر بە ڕاست و دروستی کۆبکرێنەوە.

دامەزراوەی «بڕۆکینگز Brookings» لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەسەر بۆرسەی نیویۆرک ئەنجامداوە (کە کەس گومانی مارکسیستبوون لەم دامەزراوەیە ناکات)، لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژە بەوە دەدات کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنها ڕێژەی (1% یان 2%)ی کرێکاران خاوەنی پشکن، خاوەندارێتییەکی لەم جۆرەش بە تێکڕایەکی مامناوەند دەگاتە هەزار دۆلار.

سەرمایە تاڕادەیەک بەتەواوەتی لەناو چنگی بۆرژوازییدایە، ئەمەش جوڵێنەری خۆنوێکردنەوەی سیستەمی سەرمایەدارییمان نیشان دەدات:

ئەوانەی خاوەنی سەرمایە بن، دەتوانن سەرمایەی زیاتر و زیاتریش کەڵەکە بکەن، ئەوەی خاوەنی سەرمایەش نەبێت، دەستی ناگات بە بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی سەرمایە. بەم جۆرە دابەشبوونی کۆمەڵگە بەردەوام دەبێت بۆ دوو چین: چینی خاوەن سامان و چینێکی دیکە کە ناچارە توانای کارکردنی خۆی بفرۆشێت. بەهای ئەم هێزی کارەش، واتە ئەو کرێیەی کە وەریدەگرێت، لە ڕووی کردارەکییەوە هەمووی خەرج دەکات، لەکاتێکدا چینی خاوەن سامان سەرمایەی هەیە و بەردەوامیش لە زیادبووندایە بەهۆی زیادەبەهاوە. دەوڵەمەندبوونی کۆمەڵگە لە ڕێگەی سەرمایەوە، ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێت، تەنها بۆ بەرژەوەندیی چینێک لە چینەکانی کۆمەڵگەیە، ئەوەش چینی سەرمایەدارییە.